## مەهزەلەكانی زانكۆ!! ... هێمن عومەر



زانكۆ وەك و شوێنێكی پیرۆزو موقەدەس بۆ هەموو كۆمەڵگایەك خەڵكی چاوەڕی كولتوری جوان و بەهای جوانی لێدەكات كە ئەمە پێوەرێكە هەموو زانكۆیەك لە هەر شوێن و وڵاتێك بێت پیی هەڵ دەسەنگێنری كە ئەمەش ئەو مانایە دەدات كە گریمانەیە كەو دەبێت قوتابی و مامۆستای زانكۆ لە هەموو تاكێكی دیكەی ئەو كۆمەڵگایە خاوەن ڕەفتاروو كردەوەی جوان و زمانێكی پاراو بێت و وەكو كەسێكی نەزان و سەرجادە قسە هەڵنەزرێنێت چونكە ڕەنگە نەزانی بۆ كەسێكی ئاسایی و نەخوێندەوار و شەڕە جنێوو قسەی بی مانا قبوڵ بێت بەڵام سلوكێكی لەم شێوانەی وترا بۆ خوێندكاروو مامۆستای زانكۆ ڕەنگە زۆر نابەجیو پێشبینی نەكراو بێت.

بەڵام لەو هەرێمەی ئێمەدا هێندەی خوێندكاری زانكۆو دەرچووی زانكۆ لەنێو بازارەكان جنێوو قسەی ناشرین بە ئافرەت دەڵێن دڵنیام لەوەی كە دەیڵێم ڕێژەی خەڵكی نەخوێندەوار زۆر كەمترە دیاردەی چونە بازاڕ لەدوای تەواو بوونی زانكۆ لە لایەن كۆمەڵێك گەنجی زۆرەوە بووە بە پیشەو دەبێت دەوامی ئێوارانیش بكەن بۆ سەیركردنی ئافرەتان و تیروو توانج لێدانیان، ئەوە ڕەوشتی كۆمەڵێكی زۆری قوتابی زانكۆی ئێمەیە. هەر بۆیەش زۆر ئاسایی یە ئەو خوێندكارانە ئەندامی گروپكی وەك و یا شێخیان لێدەرچێت

بەڵام گللەیی لەوان ناكرێت چونكە قوتابی زانكۆ قوتابی دەستی مامۆستا یەعقوب و ئەو مامۆستایانەیە كە بەردەوام بەدوای ئەوەوەن كچێكی بەستەزمان فەساد كەن و لەژێر پەردەی ژورەكانی نێو زانكۆدا یاری بە چارەنوسی كچێنیان بكەن و ئەوانیش تا هەتایە لە ژێر ترسو عەیبەی كۆمەڵایەتی قسە نەكەن بەڵگەی زۆرم لەو ڕووەوە لە لایە لەبەر ئەوەی ڕوخسەتی كچەكانم لە لانیە كە چارەنوسیان دەكەوێتە مەترسیەوە ناچارم كە قسەنەكەم كە دەست درێژیان كراوەتە سەر بەڵام مامۆستا بەڕێزەكان جگە لە شەقو چەند جنێوێكی موستەحەق هیچی دیكەیان پی نەبڕاوە.

ئاخر خوێندكاری زانكۆ قوتابی دەستی ئەو مامۆستا دڵ پڕ ئیرەییانەیە كە ڕۆژنیە لە زانكۆدا شەڕێك نەكەن و جنێو بە خوشك و دایكی یەكتر نەدەن لەو ناوەشدا قوتابی زانكۆ چەپڵەیان بۆ لێدەدات و فیكە بۆ ئەو بەڕێزانە لێدەدات بۆ ڕاستی ئەوەشیان لە قوتابی كۆلێژی پەروەردەی زانكۆی سەلاحەدین بپرسە، ئاخر دەبێت لەو زانكۆ وێرانەدا چی بەرهەمبێت جگە لە شێخ زاناو یاوەرانی.

نوسەر / توێژەری كۆمەڵایەتی / هەولێر